# کەمی خوێندنگاو سەرهەڵدانی توندوتیژی



**عەبدولواحید محەمەد حاجی**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**

لە وتاری پێشوو ئاماژەم بەدیاریدەی لێدانکرد، راستیەك بۆ هەموو لایەك بەرجەستەبوو کە لێدان حەزێکی ویستراوی مامۆستایانو....... زادەی هزرو بیری پەروەردەکاران نیە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری خۆی هەیە بەکورتی ئاماژەم بەهەندێ هۆکار داوە، لەم وتارەشم تیشك دەخەمە سەر لایەنێکی گرنگی سەرهەڵدانی توندوتیژی لەنێو خوێندنگاکان ئەویش کەمی تەلاری خوێندنو زۆری ژمارەی خوێندکارانە بۆ سەلماندنی راستی بۆچوونەکەم خشتەیەك دەخەمە بەردەستی خوێنەران لەپاشان دێمە سەر شەنو کەوکردنی بابەتەکە.

**لەنێو شاری هەولێر**

| گەرەك | ناوی خوێندنگا | ژمارەی خوێندکار | جۆری دەوام | ژمارەی هۆبە |
|---|---|---|---|---|
| ١.نەورۆز | دابانی سەرەتایی | ٢٠٠٠ | ٣دەوام | ٦٠–٧٠ خوێندکار |
| ٢.کوردستان | شێخ سەعید | ١٤٠٠ | ٢دەوام | ٤٥–٥٥خوێندکار |
| ٣.کرێکار | هەڵکەوت | ٢٠٠٠ | ٢دەوام | ٥٠–٦٠خوێندکار |
| ٤.رزکاری | ناوەندی ئاڤێستا | ١٤٠٠ | ئێواران | ٨٥–١٠٥خوێندکار |
| ٥.ئازادی | بەرخودان | ٥٧٠ | یەك دەوام | ٤٠–٥٠خوێندکار |
| ٦.سەرووی شەقامی سەدی | پیرەمێرد | ١٥٠٠ | ٢دەوام | ٥٥–٦٥خوێندکار |

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەبێت چ جۆرە جەنجاڵیو قەرەباڵغیەك لەنێو خوێندنگاکاندا هەیە، هەروەها لەناو هۆبەکانو لەکاتی پشوداندا چ فەوزایەك و گڕوگۆڵ دروست دەبێت.

بەراستی لەبارودۆخێکی ئەوهادا ئایا پەروەردەو فێرکردن وەکو پێویست پیادەو پڕاکتیزە دەکرێ؟ ئایا مامۆستا سەلیقەی دەبێ؟ یان خوێندکارانی بەش مەینەت ئۆقرەی دەمێنێ؟ باشە ئەگەر هۆبەیەك لەنێوان ٥٠-٦٠ خوێندکاری تێدابێت مامۆستا چۆن دەتوانێ ئەو پەیامەی پێیەتی بیگەیەنێتە لایەنی مەبەستو بیخاتە ناو دووتوێیی هزری خوێندکارەوە؟ مەسەلەکە هەربەوەش ناوەستێتەوە بەڵکو دوو دەوامی و سێ دەوامیەکەش کاردانەوەو کاریگەری خۆی هەیە لە خوێندنگا دوو دەوامیەکان خوێندکار تەنها بیستودوو کاتژمێر خەریکی خوێندنو هاوڕێیەتی مامۆستا دەکات، هەروەها سێ دەوامیش هەژدە کاتژمێر ئەمە لەکاتێکدا دەوامی ستاندەری جیهانی بەلای کەم خوێندکار دەبێ چلو دووکاتژمێر دەوام بکات لە هەفتەیەکدا واتە چلو دوو کاتژمێر هاوڕێو هاوەڵی مامۆستادەبێت. ئەگەر بەراورد لە نێوان ئەو ماوە هاوڕێیەتیەی خوێندکارو مامۆستا بکەین ئەوا بێگومان بەقەد ئاسمانو زەوی جیاوازیان هەیە، دیارە کێشەکە تەنها لەماوەی دەوام کردنەکەش نییە، بەڵکو لە ژمارەی خوێندکارانی نێو هۆبەکانە، لەوڵاتە پێشکەوتووەکان لەخراپترین هەلومەرجدا نابێت ژمارەی خوێندکاران لەنێوان ٢٥-٣٠ خوێندکار تێپەر بکات لەکاتێکدا لەوڵاتی ئێمە لەباشترین هەلومەرجدا لەنێوان ٤٥-٥٥ خوێندکارو

ڕەنگە تێپەڕیش بکات، بەراستی ئەستەمە بۆ مامۆستایان هەڵسوکەوتێکی سروشتیو پەروەردەیی لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناهەموارە بکات هەروەها بۆخوێندکاریش، مامۆستایەکی هاوڕێم لەناوەندیەکی ئێواران دەوام دەکات پێی ڕاگەیاندم لەیەك هۆبەدا ١٠٤ خوێندکار دادەنیشن گریمان ئەو ژمارەیە بەبەردەوامی وجودیان لەنێو هۆبەیەکدا هەبێ، خۆ ئەگەر زۆر لەمەش کەمتربێت هەر تەندروست نیە، هاوڕێیەکی ترم وتی خوێندنگاکەی ئێمە سێ دەوامیە، سەرەتاییەك، ناوەندیەك، ئێوارانێك، پێشی لەسەر ئەوە داگرت تەنها لەخوێندنگا ناچێت ئیتر ئەوەیتر با بۆخۆی ناوێکی لێ بنێ زیاتر لەسەری ڕۆیشت وتی هیچ ڕۆژێکی خوانیە بەدەیان کورسی خوێندن نەشکێندرێ، هیچ ئامرازو کەلوپەلی کارەبایشی پێوە نەماوە، هەرچی پێویستیەکانی تریش هەیە ئەوا ئێمەمانان خۆش. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە لەکەش‌وهەوایەکی لەم شێوەدا چی لێدەکەوێتەوە؟ بێگومان بێزاری، بێ ئۆقرەیی، توندوتیژی، پەیوەندییەکی نێگەتیفی بارگاوی بەڕق‌و قینە لەنێوان خوێندکاران‌و مامۆستایان، جێی باسە ئەوە بارودۆخی زۆربەی خوێندنگاکانی ناوشارە گەورەکانی کوردستانە، تەنانەت هی شارۆچکەو کۆمەڵگاکانیشە، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم هەوڵدات بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بێت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت واتە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کەمی خوێندنگاکان فەراهەم بکات، لەهەمانکاتدا چارەسەریشە بۆ توندوتیژی ئەگەر بەشێوەیەکی بنەڕەتیش نەبێت تاڕادەیەکی زۆر کەمی دەکاتەوە، دەبێت حکومەت پشت بەئامارێکی زانستیانە ببەستێت لەژێر ڕۆشنایی ئامارەکان پلان دابڕێژێت بۆ دروستکردنی خوێندنگای پێویست بەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. دیارە دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ کەئەم کێشەیە کەڵەکەبووی چەندینساڵەیە کە لایەکی کەمی لێکراوەتەوە، لە ئێستاداو لەکوردستاندا ساڵانە ١٨٠٠٠٠ خوێندکاری تازە ڕوو لەخوێندنگاکان دەکەن، ئەگەر هەر١٠٠٠ خوێندکار تەلارێکیان بۆدروستبکرێت پێویستیمان بە١٨٠ تەلار دەبێت، ئەمەو بێجگە لەکەم‌وکوڕیەکانی ساڵانی پێشوو، کەوابێ حکومەت دەبێ هەڵمەتێکی گەورەو بەرفراوان بەرپا بکا هەموو تواناکان بخاتەگەڕو تەواوی دەرفەتەکانیش بقۆزێتەوە، چ هی ڕێکخراوەکانی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها لایەنە



خێرخوازەکانیش دەبێ هەژمارێکی وردیش بۆ ساڵانی داهاتوو بکرێ، چونکە ژمارەی دانیشتوان تازە ڕوو لەزیادبونی بەردەوامدایە، لایەنێکیتر پێویستە ڕەچاوبکرێ ئەویش چۆنیەتی دروستکردنی تەلارەکانە کەدەبێ بەجۆرێك بێت کەلەگەڵ زەوق‌و سەلیقەی منداڵە چاوگەشەکان بگونجێ، نەك وەکو بەندیخانەو خانەکانی چاکسازی بێ، چونکە بەسروشتی منداڵ حەز لەسەربەستی دەکات، کەوابێ لەکوێ ئەو مەبەستانەی دەسکەوێ ئەوێی پێ خۆشە بەپێچەوانەشبێ ڕقی لێ دەبێتەوە سوودی پێویستی لێوەرناگرێ، دیارە مامۆستایانیش ئارەزوویان لەشوێنی جوان‌و پڕئۆقرەییدایە، هەر ئەوەش وایکردووە ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتوەکانی تر کاتێك خوێندنگایەك دروستدەکەن چەندین قسەو باسی لەسەردەکەن و ماستەر پلانی بۆدادەڕێژن و بیر لەئایندەو هەموو پێویستیەکانیتری دەکەنەوە ئینجا دروستدەکەن کەدروستیشیانکرد بەردەوام چاودێری دەکەن، بۆ ئەوەی وەکو پێویست لەبەرچاوی خوێندکار بهێڵنەوە بەداخەوە لای ئێمە هەژمار بۆ ئەولایەنە نەکراوە بە جۆرێك ئەمساڵ دروستیدەکەن ساڵی دادێ خەرابەیە، لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەرکی دروستکردنی خوێندنگاکان لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە بێت هەروەك ئێستاکە هەوڵی بۆدەدەن‌و تازە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیشیان بۆ دامەزراندووە، ئەوانیش پێویستە کار بۆ بەرنامەو نەخشەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن‌و زانستیانە بکەن تاوەکو بەسەر ئەم گرفتە گەورەیەدا زاڵبن، ئەگینا پەروەردەو فێرکردن بەم قەبارە زۆرەی خوێندکارانەوە بێ ئاوڕدانەوەیەکی جدی هەر لە نێوفەزای توندوتیژی‌و بێئۆقرەیی دەمێنێتەوە نەوەی تازەش بەنیوە چڵی پێدەگات، دواجاریش گەلەکەمان زیانی لێ دەکەوێت.